**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (پەنجاو شەش)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ تا ڕۆژی ٢٠١٦/٧/١٥.

**ماددەی (٢):**

بڕیاری ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠١ هەڵدەوشێتەوە.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

تا کاتی چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە بەکرێدان و، دەرکردنی یاسایەکی گشتگیر کە سەرجەمی یاسا و بڕیارەکانی ئەم بوارە لەخۆ بگرێت، ئەم یاسایە دەرکرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**